دێرین

ژمارە (1) سێشەممە 2006/9/5

سەرپەرشتیاری لاپەڕە: محەمەد پاکژ

# هاوڕێکەم ئەمڕۆ لەیادی شەهیدبوونت دەنوسم‌و گۆرانی ژیانت بۆ دەڵێم

**د. سالار حەمە سوور باسیرە**

شەهید فەرەیدون عەبدولقادر برازای حاجی مەکی عەبدوڵڵای ئەکتەر لەتەمەنی 22 ساڵیدا بەتۆمەتی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوەو تەقەکردنی لەپارێزگاری سلێمانی، دوای ئەشکەنجەو ئازاردانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە هەیئەی خاسەی کەرکوکەوە برا بۆ بەندیخانەی موسڵ‌و لەبەرواری 1977/5/1 فەرمانی کوشتنی بەگوللەباران دراو لە ڕێگای موسڵ بەرامبەر بە بورجەکەی ئێستگەی موسڵ لە شوێنێکدا لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تری شەهیددا دوور لەخۆشەویستی‌و بایەخی کەس‌و کار خرانە ژێرگڵەوە. وە باوکی شەهید 60دینار نرخی ئەو فیشەکانەشی دا کە دڵی کورەکەی خۆیان پێ بری. دوای شەهید کردنەکەیشی کەس‌و کاری خرانە ژێر چاودێرییەوەو باوک‌و دایکی گیران‌و هێڵی تەلەفۆنیشیان لێ برین، دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی شەهید فەرەیدونی لەگەڵ 35 شەهیدی تردا لە 2003/6/16 هێنایەوە بۆ سلێمانی‌و لەگردەکەی شێخ فەتاح ئەم کۆمەڵە تێکۆشەرە لەباوەشی نیشتماندا ئەمجارەیان بەخۆشەویستی‌و بە هەنسک‌و فرمێسکەوە لە نوێوە بەخاک سپێردران.

هاوڕێکەم ئێستا چەند ووشەیەک بۆتۆ..!

ژیانێکی کورت ژیایت بەڵام ئازارێکی دورو درێژت بۆ بەجێهێشتین. ئەوکاتەی من ڕێگای دوورە وڵاتم گرتە بەر بەهیوای دوبارە دیداری یەکتر بووین، بەڵام نەمزانی کەئەوە دوا ماڵ ئاوایمان بوو لەیەکتر، تەنیا فریای یەک نامە کەوتین بۆیەکتری بنوسین. نەمزانی کەهەروا زوو ڕەشەبای مردن هەڵی کردو تۆی لەگەڵ خۆیدا برد، لەبەر چاومە کەمردن هیچ کات ئەوەندە نزیک نەبوو لێت وەک ئەو ڕۆژەی کە جەلادەکان خوێنی تۆیان بەغەدر ڕشت. ماوەیەک بوو خەوم بەجەلادێکەوە دەبینی بەڵام نەمزانی کەبۆ ئەوەبوو تۆمان لێ بسێنێت. ئیتر لەوساتەوە ئەوە بۆتە خەوێکی ناخۆش‌و لێم نابێتەوە.

هاوڕێکەم: دەزانیت کەفاشیستەکان کەس‌و کاری منیشیان لەوڵاتی دێرینی خۆیان بۆ ژیانی مەنفا دەربەدەر کردو ئەمڕۆکە هەریەکەمان لەکەناری وڵاتێکی جودا لەیەکتر گیرساوینەتەوەو پرۆسەی پێکەوەژیان‌و گەورەبونمان وێران بوو. دوای دەرکردنی کەس‌و کارم لە نیشتمان، دایکم بەکاتژمێرێک پێش کەوتنە ڕێگای بەرەو ئاوارەیی بۆ لای منداڵەکانی بەتراژیدیایەکی دڵتەزێن ماڵ ئاوایی لێکردین‌و لەشاری مهابادی چوارچرا بەخاک سپێردراو من چواردە ساڵ بوو نەمدیبوو، باوکیشم کە بەبەندی دەرکرا، بەڵام بە ئازادی گەڕایەوەو بەرلەدووساڵ لەنیشتمانی دایک بەخاک سپێردرا. بەڵام هەرمرۆڤەو هەر خێزانێک خاوەنی چیرۆکێکی تایبەتی ژیان‌و مردنی خۆیەتی.

هاوڕێکەم: دەک هەزاران نەفرەت لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ خۆشەویستێکی لەکیس دەچێت، هەزاران نەفرەت لەو ساتەی پەنجەی ناجوامێرانەی نامەردێک دەچێتە سەر پەلەپیتکەی ڕق‌وکینەی تفەنگ‌و دەستی دەچێتە خوێنی جوامێرێکی وەکو تۆو ژەهری ڕق‌و کینەی ڕەشی بۆگەنی ناحەزان لاشەی ڕۆڵەیەکی بەوەفای گەل دەبڕێ‌و بەناکامی دەیخاتە ژێر گڵ‌و دڵی تۆیشی بۆ هەتا هەتایە لەلێدان خست‌و روناکیەکی لەشەوێکی تاریکدا وونکرد. هەزاران هەزار نەفرەت لەو ساتەی کەهەواڵی ماڵئاوایی بەزۆری تۆم تێدا بیست. ڕۆژی هەواڵی ئیعدام کردنەکەت بوە ڕۆژێکی تەماوی بۆم کە تەوژمی غەم دەرونی دەکولاندم‌و فرمێسەکەکانم زەویان دەبڕی فرمێسکی پڕلە ژان تاساندبومی، دیتم کە وەرزی خەزان نەبوو کەچی گەڵاکان زەرد هەڵگەرابوون.

هاوڕێکەم: ئەوە ئەو تفەنگە نەبوو کە تۆی کوشت، بەڵکو ئەوانە بوون کە فەرمانی کوشتنی تۆیاندا، تۆ هەر بەتەنیا هاوڕێ قوتابخانەو لاوێتیم نەبووی تۆ منت فێری وێنە کێشان کردو بیستم کە لەسەر دیواری بەندیخانەی لەسێدارەدانی موسڵ وێنەت کێشاوەو لەناویاندا دیاری منیشی تێدابووە. هاوڕێکەم کێ دەڵێت تۆ مردوویت؟ ئەوەتا شوێن‌و بیرەوەریەکانت دیارن، زەردەخەنەو خوو ڕەوشتی بەرزت‌و سیفاتی جوان‌و ئازایەتی‌و مرۆڤدۆستی‌و ڕاستگۆیت‌و خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانت هەمیشە دیارە، هەربۆیە خۆشم ویستیت بەڵام داخەکەم کە گوڵی ژیانت زوو هەڵوەری‌و فاشستەکان نەیانهێشت گەشە بکەیت‌و بەرهەمەکانت بخەیتە ڕوو. بەڵام هاوڕێکەم دەمەوێت پێت بڵێم کە دڕێغیم نەکردووە بۆ تۆڵە سەندنەوەت، ئەوەندەی توانیبێتم بەقەڵەم و تێکۆشانی سیاسیمەوە، بەچەکی دادپەروەری‌و خۆشەویستیەوە تێکۆشاوم. لەکوشتنی خۆشەویستانێکی وەکو تۆوە بڕیارم دا دژبە زەبروزونگی گیانی‌و ڕۆحی بم، فەلسەفەی ژیانم هی خۆشەویستی‌و ئاشتی بێت، لەو شوێنەی کە خۆشەویستی دەست پێ دەکات پێت دەڵێم کەلەو شوێنە زەبروزەنگ کۆتایی دێت‌و مرۆڤ دروست نەبووە بۆ ئەوەی کە بکوژرێت ئەی گوڵاڵە سورەی هەڵوەرێنراو.

بۆیەکەم جار لەدوای 18ساڵ لە ژیانی ئاوارەیمەوە گەڕامەوە نیشتمان‌و ویستم دایکت ببینم بەڵام لەداخی تۆ سەری نایەوەو دەبوایە ڕووم بکردایەتە گۆڕستان بۆلای .لە گەڕانەوەی دووەممدا بینیم کەدەرگای ماڵتان بە قفڵێکی گەورە داخرابوو هەروەک فلیمێکی ترسناک هاتە بەرچاوم، کە بیستم ئەمجارە باوکت ماڵئاوایی کردووە و لەگەڕانەوەی سێیەممدا برا خۆشەویستەکەت کە شێوەی تۆی تێدابوو بۆمن،ئەویش لەتەمەنێکی لاویدا ماڵئاوایی کردبوو. لەگەڕانەوەی ئەمجارەمدا دێمە سەرگۆڕەکەت هەرچەندە دڵت لە شوێنێکی ترەوە نێژراوە ئێسک‌و پروسکەکەت هێنرایەوە، بەڵام بۆمن بیرەوەریەکانت هەمیشە زیندوون، لە یادتە کە دوای هەرەس هێنانی شۆڕش چەند دڵخۆش بووین بەدروست بونەوەی بزوتنەوەی نوێ‌و پەیمانمان بەیەکتردا کە هەرگیز لەبەرەی دادپەروەری و تێکۆشان لانەدەین .

هەموو تاریکایی جیهان روناکی مۆمێک ناکوژێنێتەوە

هاوڕێکەم : وام دەزانی کەئیتر فرمێسکم نەماوە بیرێژم، بەڵام لەکاتی نوسینی ووشەکانم بۆت دیتم کە وانیە.

هاوڕێکەم : لەدوا ووشەدا پێت دەڵێم من بە پێچەوانەی جەلادەکان گۆرانی ژیانت بۆ دەڵێم و بزانە کە ڕۆژانی ژیان وەکو دارێکە لە پایزدا کە تێکرای گەڵاکان دەوەرێنێ. جا هێندێکیان گەڵای شادی‌یە هەندێکیشیان غەم باریە. هەندێ جوانیەو هەندێ لاویە، هەنێکیشیان گەڵای دوا تەمەنی یەک جاری‌یە. تۆ زووتر ڕۆیشتیت‌و ئێمەش بەرەو کاروانی مردن دێین‌و دواتر خۆشەویستانێکی تر یادمان دەکەنەوە بەڵام گرنگ سەربەرزیە. خۆشەویستی و بەوەفایی‌و لێبوردنە. تۆ پەپولەیەکی ڕەنگاوڕەنگی جوان بوویت کە لە دوا ساتی ژیانتا بەدەوری مۆمێکدا لەژورێکی تاریک سەمات دەکرد، بەڵام کت‌و پڕ خۆت کێشا بەگری مۆمەکەداو سوتایت. بەڵام بزانەکە خۆت دواتر بویتە گڕی جوانی ئەو مۆمە کە هەرگیز هەموو تاریکایی ئەم جیهانە ناتوانێ بتکوژێنێتەوە. دووبارە بەخێر هاتیتەوە بۆ باوەشی نیشتمانی دایک‌و هەتا دیداری ئایندەمان‌و ئەمجارەیان بە چەپکێک گوڵی خۆشەویستی‌و شانازیەوە ئەی هاوڕێ خۆشەویستەکەم.

# لەتفەنگەوە بۆ پێنووس؟!

**محەمەد پاکژ**

لەدنیاداو لەمێژووی کون‌و نوێ دا، کەم گەل‌و نەتەوە هەبوون کەبێ تێپەڕین بەقۆناغەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا گەشتبنە ڕزگاری خاک‌و ئازادی مرۆڤەکانی، هەر بۆیە تێپەڕاندنی ئەو قۆناغانەو گەیاندنی کەشتی گەل‌و نیشتمان بەکەناری ئارامی ڕزگاری‌و سەربەخۆیی هەم تێکۆشان‌و خەباتی بێ پسانەوەو هەم خوێن‌و قوربان دانی زۆری گەرەک بووە، بەپێی هەل‌و مەرجی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریسەردەمەکان‌و ئاست‌و کاریگەرێتی دڕندەیی داگیرکەرەکانی‌و ..هتد.

لەو پێناوەشدا نووسەران‌و هونەرمەندان‌و ڕۆشنبیرو خاوەن بیرەکانیش ئەگەر داینەمۆی بزوێنەرو هۆکاری شلەقاندنی گۆمەکەو پچڕاندنی پەتی زوڵم‌و زۆریی نەبووبن، ئەوا بێ گومان تای قورسی تەرازوی دەربڕینی نارەزاییەکان‌و ڕێبەرو ڕەچەشکێنی ڕاپەڕین‌و شۆڕش‌و بزوتنەوەکان بوون.

ئەم پێوانەیە ئەگەر بۆ هەر پنت‌و پارچەیەکی جوگرافی جیهان ڕەواو شیاو بێت، ئەوا نەتەوەی کوردیش وەکونەتەوەو خاکێکی داگیرو دابەش کراو بێ پشک نییە لەو مێژووی خەبات‌و شۆڕش گێڕییەی کەدوێنێ‌و ئەمڕۆو سبەینێ نووسراوەو دەنوسرێت‌و دەنوسرێتەوە.

هیچ کام لەڕاپەڕین‌و بزوتنەوەو شۆڕشەکانی کورد لەکۆن‌و نوێدا خالی نەبوون لەڕۆشنبیرو خاوەنقەڵەم‌و بەهرەی جۆراو جۆرو کەسانێکی وا کەبتوانن هەم خەبات‌و شۆڕش بەرەو پێشەوە بەرن‌و هەم شۆڕش لەناو شۆڕشدابکەن، بەوەی کەبە نوسینەکانیان خەبات‌و تێکۆشان‌و سەرکەوتن‌و بیرو بۆچونی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئازادی خوازۆ بەرزگاری گەیشتوی دونیا بەپێشمەرگەو ڕێکخستنەکان‌و دۆست‌و لایەنگران ئاشنا بکەن‌و هەم لەڕوی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕییەوە ئەو توێژە جیاوازانە بەرەوپێشەوە بەرن، هەم بەوەرگێڕان‌و گوێزانەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیتی گەلانی ئازادو ئازادی خواز بۆ ناو شۆڕش گورو تینێکی دیکە بەخەبات‌و تێکۆشان‌و بەرگری‌و بەرەنگار بوونەوە بدەن، هەم بەسرودو مارشە حەماس خولقێنەرەکان گیانێکی نەبەزیوی پڕ بڕواو متمانە بەڕزگاری نیشتمانی لای پێشمەرگە بخولقێنن‌و دووژمنیش زارە ترەک بکەن، هەم بەکۆڕو کۆبوونەوە ئایدۆلۆژی‌و ڕۆشنبیری‌و شۆڕشگێڕتیەکان پێشمەرگەو ڕێکخستن‌و دۆست‌و لایەنگیران پڕ چەکی ڕزگاری خوازی بکرێن.

ئەگەر بەچاوێکی ورد تەماشای مێژووی شۆڕشی نوێ بکەین، لەوانەیە بەهەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێین کەزۆر لەڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندو خاوەن بیرەکان تێدا کۆ ببوونەوە، ئەوەش هەلو مەرجی گفتوگۆو ڕخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن‌و بیرو ڕای جیاوازی هێنابووە ئاراوە.

ئێستاش ئەو پێشمەرگە ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندو خاوەن پێنووسانە لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا (بینراو، بیستراو، خوێندراوە) لێنەبراوانە کار دەکەن‌و خەباتی دوێنێی شاخ لەگەڵ ئەمڕۆی شاردا گرێ دەدەن‌و پەیمانی پێشمەرگایەتی تفەنگ‌و پێنووسیان بەنیشتمان داوەو وەفا بۆ پەیمانەکەیان دەنوێنن.



# باخچەیەک بۆ برایەتی

**غاندی**

لەم هەرێمە ئارامەدا هەموومان پێکەوە دەنوین .. دەنوین لە نیشتمانێکدا کە هەموان خەونمان پێوەدەدی. سوپاس بۆ ئەو نەتەوەیەی ئەو هەموو قوربانیەیدا تا مەملەکەتێک پێکبهێنێت لە ئارامی. ئێرە وڵاتێکە منالێک و خوێنکارێک و کێ‌و کێ هەموو پێکەوە بەهێمنی دەنون. بەشێک لەم گەلە بەکۆمەڵ و بەتاک چونە ژێرخاکەوە تابەشێکمان لەم سەرخاکە سەربەست بژین، ئازیزان مایەی شانازیە کەلەبەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی باخچەیەک هەیە چەند نەتەوەیەک بەبێ سەرپەرشتیارودادوەر و ناوبژیوانێک لێرە پێکەوە دەژین و دەنون.. ئەو شەوەی کە بەویادا تێپەڕیم ئەو برایەتی و دەست لەملانە هێندە سەرنجی ڕاکێشام حەزم کرد وێنەیەکیان بگرم و نیشانی دۆستان و دوژمنانی ئەم ئازادی و ئارامیەی هەرێمی کوردستانیان بدەم تا ببینن لەهەندێ شوێنی ئەو وڵاتەدا کەناوی (عێراق)ە تەنانەت لە کونجی ژێرزەمینەکان و چوار دیواری ماڵەوەش ناتوانن بێنەدەرێ. بەڵام لێرە لەناو باخچەو لەسەر شەقامەکانیش دەتوانن بنون؟؟ بەئارامی و خەوێکی خۆش .

# فینکەباس

**بێستون سابوراوایی**

کات/ مانگی شوباتی 1981
شوێن / شاربازێر

ئەوسا لیژنەی ناوچەی یەکێتیی نیشتمانیی هەبوو.. لیپرسراوی لیژنەی ناوچەی دوکان مامۆستا حەمەی عەتیە بوو.. من و شەهید غەریب هەڵەدنی و شەهید کەمال تەها بەکرەجۆیی و ئاراسی حەمەلاو ئەندامی لیژنەکە بوین.. لقی سلێمانیش هەبوو. لێپرسراوی لقەکە ئەبو شەهاب بوو.. بەپێی بڕیارێک کەلەلایەن کاک ئەبو شەهابەوە دەرچوو بوو دەبوایە لە مانگی شوباتدا بگەینە لای ئەو، بەمەبەستی کۆبونەوە. ئەویش لە گوندەکانی بەرخ و بیوەک و پارەزان و قولەگیسکان و چنگیان و هتد.. لەو شاربازێرە خەریکی جەولە بوو .. کاک حەمەی عەتیە و کاک ئاراسی حەمەلاو پەیوەندی دووبەدوویان زۆر خۆش بوو .. پەیوەندی من و شەهید غەریب و شەهید کەمالیش زۆر خۆش بوو.. ئەوە وای کردبوو لە لیژنەی ناوچەی دوکاندا ، دوکانیەکان کە ئێمە بووین لەگەڵ شاریەکاندا کە ئەوان بوون جیاوازی یەک هەبێ لە نیوانماندا.. یەکێک لە نیشانەکانی ئەو جیاوازیە لەو جەولەیەدا دەرکەوت.. کاکە حەمەی عەتیە ئەیوت، ئەبێ بێستون و غەریب وکەمال جانتاکەم بۆ هەڵگرن. جانتاکەشی هیچی وای تێدانەبوو.. زۆر بچوک و سوکەلە بوو تەنها تاقمە تەراش و لایتێکی بچوک و عەترێکی تیابوو کە تایبەت بوو بە مامۆستا محەمەد ئێمەش بە کارێکی عەکسیمان ئەزانی کە جانتاکەی بۆ هەڵبگرێن و ئەوانیش دوو بەدوو شانبەشانی یەکتری بڕۆن و چپەچپی خۆیان بکەن.. من وتم مامۆستا محەمەد جانتاکەت هەڵناگرین، بۆچی خۆت و کاک ئاراس هەڵیناگرن؟ کاکە حەمە ووتی :واجبتانە هەڵیبگرن.. بیکەن بەسەرە هەرجارەو یەکێکتان هەڵیبگرن! لەوشەی (هەڵیبگرن)ەکەی کاک حەمەی عەتیەش ئەترساین و پێمان وابوو تۆزێ ماناشی تیایە. . واتە لەخۆمان بەشک بوین چونکە ئەوان ئێمەیان بەلادێی ئەزانی و، وادەهاتە مەزەندەمانەوە لەگەڵ کاک ئاراس پێمان رابوێرن.. بەهەرحال لەسەر (هەڵگرتن)ی جانتاکە بوو بەموناقەشەی حزبی. کاک حەمەی عەتەتیە بڕیاری حزبی لەو بارەیەوە دەرکرد ووتی: پێویستە لەسەرتان هەڵیبگرن. ئەوە بڕیاری یەکێتی نێشتمانی کوردستانە.. ئەوەش لەبەر ئەوەی، مادام جانتاکە هی لێپرسراوی ناوچەیەو، ناوچەش هی یەکێتی‌یە، کەواتە جانتاکە هی حزبە... کە هی حزبیش بوو پێویستە هەڵیبگرن.. ئەگەر بەقسەم نەکەن واتە کادرێکی مولتەزیم نین و دڵسۆزی یەکێتی نین!!.. بەڵام بڕیارەکەمان هەر جێبەجێ نەکرد.. لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە من وتبووم جانتاکە هەڵناگرم، مامۆستا محەمەد هەرگیز لەدڵی دەرنەئەچوو، ئەچووە هەرشوێنێ منیان بناسیایە ئەیوت: (ئەو بێستونە سەرزلە بڕیاری حزبی شکاندوە)!!...

# گۆڕەکانی نێو دڵ

**ئەبوبەکر قادر کەریم**

بەخت یارو یاوەرت بێ دەرۆی گوڵم
خوانەکا تۆ نیگەران بی چش لەدڵم
من لەوەتەی هەم دەروونم کەلاوەیە
بۆ مەینەتی‌و خەم دەرگاکەی کراوەیە

***

یەکەم کەس نیی هەواری دڵ وێران دەکەی
تەنیا تۆ نیی ڕەنجی ژیان بەربادەخەی
دڵم ژورێکی تاریک‌و بێ پشکۆیە
گۆڕی چەندان خۆشەویستی وەکو تۆیە

***

بڕۆ گوڵم بەخت یارو یاوەرت بێ
چش لەو دڵەم بایەکێ تر هاوسەرت بێ
باکم نیە من ڕاهاتووی ئەم خەمانەم
وەک منال هۆگرو خولیای ئەم گەمانەم

***

بیرەوەری ڕۆژگارەکان لەیاد ناکرێن
خەونی خۆشی شەوگارەکان پێم وون ناکرێن
بەسمە خەون‌و بیرەوەری تۆم لەلابێ
بەسمە دڵ بەتاسەی تۆوە تەوەلابێ

کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: هەردی ئەنوەر- تریفە محەمەد    دیزاین: عومەر حسێن

هاوکاران: ڕەهبەری سەید برایم-گۆران جەلال- عەقید باپیر محەمەد-فریاد هیرانی-ئازاد سەراویی-هاوڕێ بەکر-مامۆستا کاوە داسنی-فەرهاد مەلا حەسەن-ناریان محەمەد-مەریوان عەلی

E:mail-peshmargayderin@yahoo.com

ناونیشان: سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری تازە- شەقامی شەست مەتری- دوکانە مۆرەکان    ژمارەی تەلەفۆن: 3184295 - 07701529093 - 07301112612